# هونەرمەند کاردینا حەم

# ئەوەی من بەرجەستەم ک



● ئافرەت ئەو مرۆڤەیە دەشێ لە کۆمەڵگەدا شان بەشانی پیاو وجوودی هەبێت رۆڵی خۆی بسەلمێنێت، کاردینایش ئەو ئافرەتە ئەکتەرەیە کار بۆ وجوودی ئافرەتی کۆمەڵگەکەی دەکات ئەویش لە رێگەی هونەرەکەیەوە کە هونەری نواندنە، کاردینا ئەو ئافرەتەی یەکەم دەرکەوتنی لە درامای ئارەزوو بوو ئەمەش دەسپێکی دەرکەوتنی بوو لە هونەری نواندندا، بۆیە ئێمەش بە پێویستمان زانی لە دیدارێکی گوڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین.●


دیمانە: سۆران مارف

فۆتۆ: رەوەند حاجی


*** سەرەتا دوور لە تەقلید چۆن خۆت بە خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەناسێنی؟**

- من کاردینا ساڵی ١٩٨٩ لە شاری سلێمانی لە دایك بووم، خوێندکاری بەشی زمانی عەرەبیم لە زانکۆی سلێمانی، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی لە چالاکی قوتابخانەکاندا لە شانۆ بەشداریم کردووە. بۆیەکەم جار لە درامای ئارەزوودا ماوەی چوار ساڵ لەمەو پێش بەشداریم کرد، وەکو یەکێك لە پاڵەوانە سەرەکییەکانی ئەو درامایە بەشدار بووم، جگە لەوە پێشتریش وەك کومبارس لە درامای رابوون بەشداریم کردووە، هەروەها لە درامای خەرەند وەکو کارەکتەری سەرەکی دەورم بینیوە، کانی خوشکم کە دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە بەردەوام هاندەرم بووە، هەروەها دایکیشم بە پلەی یەکەم هاندەرم بووە و هاوکاری کردووم بۆ ئەوەی خزمەتی هونەری نواندن بکەم.

*** چ هۆکارێك هەبوو کە تۆ زوو لە بواری نواندندا دەرکەوتی؟**

- بێگومان مرۆڤ ئەو توانایەی کە هەیەتی دەبێت رۆڵێکی وای بۆ هەڵبژێرێت کە بتوانێت تموحی خۆی تیا ببینێتەوە، بزانێت ئەو کارەی کە دەیکات تا چەند جێی بایەخ رەزامەندی خەڵکە، ئەوەی من بەرجەستەم کردووە ئازاری ژنە، کێشەی ئێمە کێشەی پێشێلکردنی مافی ژنە، بێگومان کارکردن لەو رووەوە وەك چۆن پەیامەکە زوو دەگاتە بینەر بەو شێوەیەش ئەکتەرەکە دەگاتە بینەر و جەماوەر، بەخۆشحاڵییەوە دەتوانم بڵێم پەیامەکەم گەیشتۆتە بینەر، بۆیە خەڵك کاردینا لە بوارەکەدا لای ناسراوە.

*** بەشداری کردن لە کارە هونەرییەکاندا نەبۆتە هۆی ئەوەی بکەوییە بەر توانج و قسەو قسەڵۆکی خەڵکی؟**

- ئەوەی تا ئێستا رووبەڕووم بۆتەوە تەنیا دەست خۆشی خەڵکەو هیچی تر، کاردانەوەی کارەکانم لەلایەن جەماوەرەوە ئیجابی و جێی بایەخ بوون.

*** بەربەستەکانی بەردەم ئافرەتی هونەرمەند چییە،لە دەسپێکی کاری**

## ـــــه عەلی خان بۆ گولان:

# ـــــردووە ئـــازاری ژنـــه

**هونەریتدا تووشی هیچ گرفت و بەربەستێك هاتیت؟**

- ئاستەنگ و بەربەستەكان سەرەتا لە خێزانەوە دەست پێدەكەن .بێگومان ئەگەر كچێك لەلایەن خێزانەكەیەوە پشتگیری لێبكرێت، بە دڵنیاییەوە دەتوانێت رووبەڕووی كاردانەوەی دەرەوەی خێزان ببێتەوە، ئەگەر خێزان پشتگیری لەو كچە بەهرەمەندانە بكەن، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو كچە دەتوانێت بەهرەی خۆی بدۆزێتەوە .

*** ئافرەتان چۆن دەتوانن بەربەستەكانی بەردەمیان لە بواری هونەریدا بشكێنن ؟**

- ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئافرەتانەی كەتاچەند هەوڵی جێبەجێكردنی بەهرەكانیان دەدەن، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چوارچێوەیەی مرۆڤەكە تیایدا دەژی. دەبێت مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی جێبەجێكردنی ئاواتەكانیدا بێت. دەبێت تاكەكان سەرەتا خۆیان هەوڵی جددی بدەن. دەبێت ئافرەتان ئیرادەیان بەهێز بێت بۆ جێبەجێكردنی بەهرەكانیان، دەبێت هەوڵی خۆ ڕۆشنبیر كردن بدەن.

*** توانستەكانی كاری نواندن لای ئافرەتان لە چ ئاستێكدایە، ئایا ئافرەتی كورد توانیوویەتی شان بەشانی پیاو لە خزمەت هونەری نواندن كار بكات ؟**

- بە دڵنیاییەوە توانیوویەتی و مێژووشمان پڕیەتی لە ئافرەتی بە توانا و لێهاتو لە بواری هونەردا، ئیستا زەمینە لەبارە بۆ ئەوەی ئافرەتان شان بە شانی پیاو خزمەت و رۆڵیان لە كومەڵگەدا هەبێت. جێی خۆشحاڵییە كومەڵێك كچی بە توانا هاتوونەتە بوارەكەوە و خزمەت بەهونەری كوردی و بوارە جیاجیاكان دەكەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرەو پێش چوونی ئاستی بیركردنەوەی خەڵك و هەوڵدانی تاك بۆ بەدەستهێنانی مافەكانیان بەدیهاتنی خەونەكانیان .

*** تا چەند جوانی بۆ هونەرمەندی ئافرەت پێویستە؟**

- گەر ئەكتەرێكی بە توانا، توانای نواندنی باش بێت ئەوەندە جوانی گرنگ نییە، با ئەكتەرەكە جوان بێت، بەڵام ئەگەر نەتوانێت پەیامەكەی خۆی بگەیەنێت، ئەوا ئەو ئەكتەرە زوو دەمرێت و زوو لە بیر دەچێتەوە، دەبێت ئەكتەر توانای نواندنی باش بێت نەوەك تەنیا جوان بێت، پێموایە جوانی خاڵی گرنگ نییە.

*** هەندێك پێیان وایە تۆ كەسێكی لە خۆ بایت ئەمە تاچەند وایە؟**

- ئەو پرسیارەم زۆر لێكراوە، بەڵام هەموو ئەو كەسانەی لە كاردیناوە نزیكن، دەزانن من چۆنم و لە خۆبایی نیم.مرۆڤ پێویستە هەست بە بوونی خۆی بكات نەوەك لە خۆ بایی بێت. ئەوانەی دەڵێن كاردینا لە خۆباییە ئەكید ئەگەر من بناسن پەشیمان دەبنەوە .

*** لەو كارە هونەرییانەی پێشكەشت كردون لە كامیان پەشیمانی؟**

- لە كارەكانم پەشیمان نیم وە زۆر خۆشحاڵم پەیامەكەم جێی بایەخی جەماوەر بووە.

*** كەی بڕیار لە كارێكی هونەری دەدەیت كەوا بەشداری تێدا بكەیت؟**

- كاتێك سیناریۆیەكەم خوێندەوە و لەگەڵ كەسایەتی ناو سیناریۆكە ئاشنابم، بزانم جێی بایەخی بینەرە بە تەئكید كارەكەم هەڵدەبژێرم.

*** وەكو ئەكتەرێكی گەنج چۆن لەو درامایانە دەڕوانی كە لەم ساڵانەی دواییدا پێشكەشكران خۆزگەت دەخواست بەشداریت لە كام لەو درامایانە بكردایە كە لای تۆ سەركەوتووبوون ؟**

- هەموو ئەو كارانەی كراوە لام جێگای دەستخۆشییە، چونكە كاتێك درامایەك لە دایك دەبێت ئەكید ماندوو بوون و هەوڵی لەگەڵ دراوە، بینەر كوردی پێویستی بە درامای كوردییە، ئاواتمە كاری جوانتر پێشكەشی هونەری كوردی بكەن.


*** لە بواری هونەریدا پرۆژەو بەرنامەت چییە ؟**

-هەندێ پرۆژەی هونەریم هەیە بەڵام نەكەوتوونەتە بواری جێبەجێكردنەوە، دڵنیاتان دەكەمەوە لە ئایندەدا كاری نوێم دەبێت.



# "كۆگای ئازار" زۆرینەی خەڵاتەكانی ئۆسكاری بردەوە






فیلمی "the hurt locker" لەهەشتاو دووەمین ئاهەنگی پێشكەشكردنی خەڵاتەكانی ئۆسكار، شەش خەڵاتی بردەوە، كەلەنێوانیاندا خەڵاتی باشترین فیلم و باشترین دەرهێنانە، و بەمەش هیواكانی فیلمی ئەڤاتاری خستە گۆڕەوە.

خەڵاتی ئۆسكار، ناوە راستییەكەی خەڵاتی ئەكادیمیایە "Academy Award" ئەم خەڵاتە ساڵانە لەلایەن "ئەكادیمیای هونەر و زانستی سینەما" دەبەخشرێت كەبە گەورەترین خەڵاتی سینەمایی لەئەمەریكا دەژمێردرێت، تەنانەت هەندێك لەپسۆڕانی سینەما پێیان وایە ئەم خەڵاتە لە هەموو جیهان پلە یەكە.

ئەكادیمیای هونەر و زانستی سینەما، ئەكادیمیایەكی تەشریفییە، نەوەك زانستی، لەساڵی ١٩٢٧ز لەشاری كالیفۆڕنیا دامەزراوە، زیاتر لە ٦٠٠٠ئەندامی هەیە، كەپسپۆڕن لەهەموو بوارەكانی هونەری سینەما، ئەو لێژنەیەی هەڵسەنگاندنی فیلمەكان دەكات لە ٥٨١٦ پسپۆڕ پێكهاتووە، كەبریتین لە ئەكتەری سینەمایی و دەرهێنەر و ڕەخنەگر.

"ئۆسكار" ناوی هەرە بڵاوی ئەو خەڵاتەیە، ئەم ناوەش لەوەوە هاتووە، كەوا گوایە خانم"مارگرێت گرێب" كە بەرپرسێكی ئەكادیمیای هونەر بووە كاتێك بۆ یەكەمجار پەیكەری خەڵاتەكەی بینیووە ساڵی ١٩٢٨ پێی وابووە لە مامە ئۆسكاری دەچێت، ئیتر لەوە رۆژەوە ئەمە بووە ناوی ئەم خەڵاتە.

ئۆسكار، بریتییە لە پەیكەرێك كە بە مس دروستكراوە، و بە زێڕ بەرگ پۆش كراوە. درێژێكەی ٣٤سم كێشەكەی ٣،٨٥كگم، و بریتییە لە سوارچاكێك بەپێوە لەسەر بەكرەیەكی فیلم راوەستاوە و شمشێرێكی بەدەستەوەیە.

ئاهەنگی دابەشكردنی خەڵاتەكان، لەشاری سینەمایی "هۆلیۆد" بەڕێوەدەچێت، كە بەپایتەختی سینەما ناوزەد دەكرێت، زۆربەی جار لەمانگی مارس بەڕێوە دەچێت، راگەیاندنەكان بایەخێكی زۆری پێدەدەن و هەمو ساڵێك بەگرنگترین رووداوی مانگی سێ دەژمێردرێت، میوانان و هونەرمەندان و بەشداربووان بەنوێترین كاریزما و مۆدیلەوە سەرنجی جیهان رادەكێشن بۆ بەشداری كردن لە ئاهەنگەكە، تەنانەت لەلایەن هەندێك دەزگای راگەیاندنەوە، جوانترین بەشداربووی ئەو شەوە خەڵات دەكرێت.

خەڵاتەكانی ئۆسكار، سەرەتا خەڵاتەكانی ئۆسكار لەچەند خەڵاتێكی كەم دەستی پێكرد، تاوەكو وردە وردە فراوان بوو، ئێستا بریتین لە ٢٥ خەڵات و گرنگترینیان خەڵاتی باشترین فیلم، باشترین دەرهێنەر، باشترین ئەكتەر، باشترین خانمە ئەكتەر، باشترین ئەكتەری رۆڵی قارەمانی دووەم، باشترین خانمە ئەكتەری رۆڵی قارەمانی دووەم...

ئۆسكاری ٢٠١٠ كە جاری هەشتاو دووەمینە پێشكەش دەكرێت، كێبڕكێیەكی زۆر لەنێوان فیلمی ئەڤاتار و كۆگای ئازاردا هەبوو، یەكەمیان لە دەرهێنانی دەرهێنەری بەناوبانگی كەنەدی "جێمس كامیرۆن" و ئەوی تر لە دەرهێنانی خێزانی پێشوی كامیرۆن خاتو"كاسرین بیگلۆ"یە، لەكۆتاییدا خاتو بێگلۆ ململانێكەی بردەوە و بوو بە یەكەم ئافرەت، خەڵاتی ئۆسكاری باشترین دەرهێنان وەربگرێت، و وەك خۆی لەئاهەنگەكەدا باسی كرد، ئەمە ساتێكی مێژوویيە تۆماری رەنگە جارێكی تر دووبارە نەبێتەوە، ئەم خەڵاتە پێشكەشە بەو هەزاران ئەمەریكیانەی كردووە كە ژیانی خۆیان كردووە بە قوربانی لە پێناوی ئازادی عێراق و ئەفغانستان.

كێبڕكێكەی كامیرۆن و بیگلۆ بەوەندە كۆتایی نەهات، بەڵكو ئەوەی جێی سەرنجە كە ئەڤاتار لەنۆ خەڵاتی بەشدار بوو بۆ كێبڕكێكە، سێ خەڵاتی بردەوە، فیلمی كۆگای ئازاریش شەش







خەڵاتی بەدەستهێنا، لەهەموو خەڵاتەکان گرنگتر خەڵاتی باشترین فیلمە کە بەدەستی هێناو کامیرۆنی وەری نەگرت، هەروەك ئاماژە درا، ئەڤاتاری کامیرۆن تەنها سێ خەڵاتی پێبەخشرا، ئەویش خەڵاتی باشترین سەرنجڕاکێشی وێنەیی، خەڵاتی باشترین دەرهێنانی هونەری، خەڵاتی باشترین وێنەگرتنی سینەمایی.

فیلمەکەی بێگلۆ و کامیرۆن لەدوو ئاراستەی جیاوازدان، یەکەم باسی کۆمەڵێك سەرباز دەکات لەجەنگی عێراق کەزۆرینەی ڕووداوەکانی ڕاستین، بەڵام ئەڤاتار ڕۆمانێکی خەیاڵییە و تەنانەت باس لەسەر زەویش ناکات، و بەرز دەفڕێت بۆ هەسارەیەك بەناوی باندۆرا.

جگە لەم نۆ خەڵاتەی باسمان کرد وەك چاوەڕوان دەکرا ئەکتەری بەناوبانگ "جیف بریدجز" لەپاڵەوانێتی فیلمی "دڵە شێتەکە" خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری پێبەخشرا، و ئەمە جاری چوارەمە هەڵدەبژێردێت بۆ کێبڕکێی باشترین ئەکتەر و لەدواجاردا خەڵاتەکەی بەدەست هێنا.

"ساندرا بۆلۆك" وەك ڕووداوێکی سەیر لەمێژوودا، خەڵاتی ئۆسکاری باشترین خانمە ئەکتەری وەرگرت، لەپاڵەوانێتی فیلمی "لایەکی تاریکی" سەرسوڕهێنەری وەرگرتنی ساندرا بۆ ئەم خەڵاتە لەوەدایە کە پێش ٢٤ کاتژمێر لەوەرگرتنی ئەم خەڵاتە، بەخراپترین خانمە ئەکتەر هەڵبژێردرا.



جێی باسە ساندرا بەهەمان فیلم خەڵاتی گۆڵدن گلۆبی وەرگرت و ناوی چووە ناو ئەستێرە دەگمەنەکانی جیهان.

ئەکتەری نەمساوی "کریستۆف ڤالدس" لەفیلمی "ئەنگلۆریوس باستردز" ئۆسکاری باشترین ئەکتەری ڕۆڵی دووەمی وەرگرت، لەخانمانیش ئەو خەڵاتە درا بە "مۆنیك" لە فیلمی "بریشوس" و بەمەش دەبێتە پێنجەم خانمە ئەکتەری ڕەشپێست کە ئەم خەڵاتە وەربگرێت.

خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی بیانی بەخشرایە فیلمی ئەرژەنتینی "نهێنی چاوان". دوای ئەوەی کێبڕکێیەکی بەهێز لەنێوان ئەو فیلمە و فیلمی "بەکرەی سپی" ئەڵەمانی هەبوو، فیلمی "شیری خەفەت"ی پیرۆیی. جێی ئاماژەیە ئەمە جاری دووەمە فیلمی ئەرژەنتینی ئەم خەڵاتە وەردەگرن.









# نادیا لەبەر عومرە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی دواخست

بڕیار وابوو ئەستێرەی سینەمایی میسری نادیا ئەلجوندی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ساز بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوڕێ لەگەڵ ستافی زنجیرەی (ملكە فی المنفی) سەردانی سعودیای کرد بۆ ئەنجامدانی عومرە. کۆنگرەکە رۆژنامەوانییەکە بەمەبەستی روونکردنەوەی ناوەڕۆکی زنجیرەکە بوو.

شایەنی باسە نادیا یەکێك لەو ئەکتەرانەیە کە بە رۆڵە سەرنجڕاکێشەکانی ناسراوە و زۆر جاریش رەخنەی لێگیراوە، هەرچەندە نادیا بەوە بەرگری لەخۆی دەکات کە ئەو رۆڵانەی دەیبینێت گوزارشتە لە واقیعی کۆمەڵگای میسری، ئەو کێشانە دەخاتە روو کە رۆژانە بەشێوەیەکی بەردەوام دووبارە دەبنەوە و نیشاندانیانی پێ باشترە لەوەی لەنێو کۆمەڵگا پەنگ بخۆنەوە و شێوەیەکی رواڵەتی دوور لە واقیع نیشان بدەن کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەم کێشانە.

# برۆک شێلدز وازی لە نەشتەرگەری هێنا

دوای ئەوەی ئەستێرەی سینەمایی برۆك شێلدز دەرزی بۆتۆکسی تاقیکردەوە بە گۆڤاری Ladies Home Journal ی راگەیاند کە ئێستا لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری دیکەی جوانکاری دەترسێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئارەزوو دەکات تەکنۆلۆژیای لێزەری بەکاربهێنێت، بەڵام برۆك زۆر جەخت لەوەوە دەکاتەوە ئەگەر ئەم کارەش ئەنجام بدات ئەوا لەسەر دەستی پسپۆڕێکی تایبەت دەبێت، چونکە پێی وایە هەر نەشتەرگەرییەکی دیکە دەموچاوی تێکدەدات. شێلدزی تەمەن ٤٤ ساڵ ئەوەشی راگەیاند کە دروستکردنی باڵانسێك لە ژیاندا، بە یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی ژیانی دادەنرێت، بۆیە زۆر جار بیر لەوە دەکات چۆن ئەو توانایەی دەبێت کە ئەم باڵانسە رابگرێت، چونکە پێی وایە هەر کەسێك بڵێت گەیشتۆتە ئەم باڵانسە لە ژیانیدا راست ناکات.

لە لایەکی دیکەوە برۆك رایگەیاند کە زۆر خۆپەرستە، کاتێك ئارەزووی ئەوە دەکات هەموو شتێکی دەست بکەوێت لە ژیاندا، چونکە حەز دەکات یەکێك بێت لە ئەکتەرە هەرە سەرکەوتووەکان و دەیەوێ دایکێکی نموونەیی بێت.



# عولا بەزۆری بەرنامەکەی پێشکەش کرد



لەو کاتەوە کچە پێشکەشکاری ( MBC فی اسبوع) لە کەناڵی MBC عولا فارس لەلایەن جەماوەرەوە تووشی رەخنەیەکی زۆر بۆوە، ئیدی نەیتوانی وەکو جاران بەرنامەکە پێشکەش بکات.

عولا هەرچەندە نەشتەرگەرییەکی بۆ دەرهێنانی لەوزەتین لە ئوردن ئەنجامدا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوو لە پێشکەشکردنی بەرنامەکەی و کۆتایی بە مۆڵەتەکەی خۆی هێنا. هەرچەندە بەتەواویش چاك نەببۆوە، ئەو لەوە دەترسا بەرنامەکەی پێشکەش نەکرێت، یان رابگیرێت، چونکە بەپێی راپۆرتی پزیشکی دەنگی عولا پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە تا دەگاتە سەر سروشتی خۆی.




## ئەو فیلمانەی لەم هەفتەیەدا زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە

# فیلمی "ئەلیس لە وڵاتی سەرسوڕهێنەرەکان" پلەی یەکەمی ئەم هەفتەیەی بەدەست هێنا

فیلمی "Alice in Wonderland" ئەلیس لە وڵاتی سەرسوڕهێنەرەکان، لەرووی داهاتەوە بەماوەی سێ ڕۆژ توانی ببێتە فیلمی یەکەمی هەفتە لە سینەماکانی ئەمەریکادا، ئەمەش بەکۆکردنەوەی داهاتێکی خەیاڵی کەدەگاتە زیاتر لە ١١٦ ملیۆن دۆلار.

فیلمەکە بە فیلمە سێ ڕەهەندییەکان دەژمێردرێت، بەڵام وەك فیلمی ئەڤاتار دیمەنی راستەقینەی لەگەڵ تێکەڵ کراوە، وردەکارییەکی ئێجگار جیاواز لە فیلمە سێ ڕەهەندییەکانی پێشخۆی کراوە بەمەش دەبێتە فیلمێکی ناوازە.

فیلمی ئەلیس لە وڵاتی سەرسوڕهێنەرەکان لە ڕۆمانێکی ڕۆماننوسی بەناوبانگی ئینگلیزی "لویس کارۆڵ" وەرگیراوە کە بەهەمان ناونیشان نوسیویەتی، بەیەکێك لەشاکارە ئەدەبییەکانی ئەو وڵاتە دەژمێردرێت.

فیلمەکە باس لە گەڕانەوەی ئەلیس-ی تەمەن ١٩ ساڵ دەکات بۆ جیهانە سیحری و ئەفسوناوییەکەی، کە لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانی یەکدەگرن، کاتێك بەسەرهاتی راستەقینەی خۆی دەزانێت، بەرەنگاربونەوەکانی ئەلیس دەستپێدەکات و باسەکانی فیلمەکە یەك لەدوای یەك دێن.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "تیم بۆرتۆن"ە، لەپاڵەوانێتی خانمە ئەکتەری بەناوبانگی ئوسترالی "میا واسیکواسکا" لەگەڵ هەریەك لە ئەکتەران "جۆنی دیب، و ئان هاساوی، و هیلینا بونهام کارتەر" ڕۆڵی پاڵەوانێتی فیلمە دەگێڕن.

ئەمەش خشتەی ڕیزبەندی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکایە بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهاتیان:




1- (١١٦،١٠١) Alice in Wonderland ملیۆن$، کۆی داهات: ١١٦،١٠١ ملیۆن$، بەیەك هەفتە

2- (١٣،٣٥٠) Brooklyn's Finest ملیۆن$، کۆی داهات: ١٣،٣٥٠ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.

3- (١٣،٢٢٥) Shutter Island ملیۆن$، کۆی داهات: ١٣،٢٢٥ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو: ١.

4- (٩،١٤٥) Cop Out ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٢،٥٠٤ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٢.

5- (٨،١١٨) Avatar ملیۆن$، کۆی داهات: ٧٢٠،٦٠٧ ملیۆن$، بە١٢ هەفتە، پلەی پێشو:٤.

6- (٧،٠٧٨) The Crazies ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٧،٥٨٥ ملیۆن$، بە١١ هەفتە، پلەی پێشو:٣.

7- (Percy Jackson and the Olympians: The Lightning Thief) ٥،١٢٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٧٨،٠٥٧ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:٥.

8- (٤،١٥٤) Valentine's Day ملیۆن$، کۆی داهات: ١٠٦،٣٠٣ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:٦.

9- (٣،٣١٢) Crazy Heart ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٩،٥٣٢ ملیۆن$، بە١٢ هەفتە،پلەی پێشو:١٠.

10- (٢،٧٨٢) Dear John ملیۆن$، کۆی داهات: ٧٦،٦٢٦ ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشو:٧.

ئا: عەبدوڵا چنگیانی

# دوڕە: هونەر پێویستی بە ق

*● دوڕە یاخود دوڕەی تونسی یەکێکە لە کچە هونەرمەندە تونسییەکان کە لەپێناو هونەردا بەردەوام لەنێوان قاهیرە و بەیروت لە هاتوچۆدایە، ئەم کچە تا ئێستا بەشداری لە چەندین کاری هونەریدا کردووە لە سینەما و دراما، گرنگترینیان فیلمی (هي فوضى)یە کە لە دەرهێنانی یوسف شاهینە. هەروەها بەشداری لە ژمارەیەك زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا کردووە و ئێستاش بۆ بەشداری کردن لە زنجیرەیەکی نوێ لەگەڵ هونەرمەند یوسرا پاڵێوراوە.*

*لەڕێگای ولید تەمیم کە رۆژنامەنووسێکی لوبنانییە و رێکخەری کارەکانی راگەیاندنییەتی لە لوبنان چەند پرسیارێکمان بۆی رەوانە کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.●*



*** سەرەتای کاری هونەریت چۆن بوو؟**

-هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی کاری هونەریم هەبوو و لە قوتابخانە کاری هونەریمان پێشکەش دەکرد بەتایبەتی شانۆگەری، بۆیە هونەر هەموو هەستەکانی داگیر کردووم.

*** لە سەرەتای کاری هونەریتدا کێ زیاتر هانی دای؟**

- زۆر کەس هەبوون، ماڵەوەمان لە سەرەتادا بە تەواوی رێگر بوون لەوەی روو لە هونەر بکەم، بەڵکو هەمیشە جەختیان لەوە دەکردەوە کە پێویستە گرنگی زیاتر بە خوێندن بدەم، ئینجا کارو ئەرکی دیکە، بەڵام دواتر رێگر نەبوونلەبەردەم حەزەکانم، لە هەموویشی گرنگتر من خۆم ئارەزووم هەبوو ببم بە ئەکتەر.

*** لە خوێندن بەچی گەیشتی؟**

- زانستە سیاسییەکانم لە بەیروت تەواو کردووە.

*** پێت وایە درامای سوری باشترە یان درامای میسری؟**

- هەر یەکیان تایبەتمەندی خۆی هەیە ناتوانم حوکم لەسەر باشی و خراپی هیچیان بدەم.

*** هەندێك پێیانوایە تونسیەکان بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن زیاتر لە لوبنان و میسرییەکان پشت بە رووژاندن دەبەستن، ئەمە راستە؟**

- ئەمانەی وا دەڵێن بۆخۆیان سەرکەوتوو نین، ئەگینا هیچ لە هونەرمەندە بەرێز و سەرکەوتووەکان ئەم جۆرە قسانە ناکەن، چونکە هونەر بەشی هەموومان دەکات و کەسیش ناتوانێت رۆڵی کەسی تر وەربگریت.

*** ئەزموونی خۆت لەگەڵ هونەرمەند خاتو یوسرا، لە زنجیرەی ( خاص جدا) چۆن دەبینی؟**

- بێگومان کار کردن لەگەڵ هونەرمەندێکی وەك یوسرا شتێکە هەموو ئەکتەرێك دەبێ شانازیی پێوە بکات، هەر لەم زنجیرەیەدا چەند هونەرمەندێکی دیکەی بەناوبانگ بەشدارن وەك حەسەن حوسنی و مستەفا شەعبان و چەندانی دیکە، ئەمەش بۆ من مایەی سەربەرزییە.

*** رات بەرامبەر ئەو گۆرانیبێژانەی روو لە کاری نواندن دەکەن چییە؟**

-هەر بوارێك تایبەتمەندی و جەماوەری خۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەوەی لە گۆرانی گوتندا سەردەکەوێت بە هەمان شێوە لە نواندنیشدا سەرکەوتوو بێت و بە پێچەوانەشەوە هەر راستە، بۆیە پێم باشە هەر کەسێك بوارێکی تایبەت هەڵبژێریت بۆ ئەوەی بتوانێت تێیدا سەرکەوتوو بێت و داهێنان بکات.

*** ئایا راستە هونەر وا لە کچە هونەرمەندەکان دەکات، بیر لە ژیانی تایبەتی خۆیان نەکەنەوە بەتایبەتی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان؟**

- هونەر کارێکە پێویستی بەوەیە کاتێکی زۆری بۆ تەرخان بکەیت بەجۆرێك زۆر کاری تایبەتت لە بیر دەباتەوە، بەڵام تا ئێستا بە بەردەوام گوێبیستی ئەوە دەبین کە زۆر لە کچە هونەرمەندەکان ژیانی هاوسەریتی پێکدەهێنن جا لەگەڵ ئەکتەرەکان بێت یان کەسانی دەرەوەی بواری هونەر.

*** ئایا چ مەرجێکت هەیە بۆ رازی بوون بەو رۆڵانەی پێشکەشت دەکرێن؟**

- ئەگەر بزانم رۆڵێك لەگەڵ کەسایەتی من گونجاوە و دەتوانم تێیدا سەرکەوتوو بم، دوای ئەوەی سیناریۆکەی دەبینم پێی رازی دەبم بێ ئەوەی مەرجی تایبەتم هەبێت.

*** ئەگەر رۆڵێکت پێشکەش کرا پێویستی بە رووژاندنی زۆر هەبوو پێی رازی دەبی؟**



- ئەگەر بزانم لە سنوورەکان تێناپەڕێت و کار لە ناوبانگی من ناکات ئاساییە.

*** هەندێـــك لە کچە ئەکتەرەکان بە ڕۆڵی ئیغرا ڕازی دەبن، بە بێ مەرجی تایبەت، تۆ چی دەڵێی لەم بوارەوە؟**

- وەك پێشـــتر گوتم ئەگـــەر ئیغرایەکە سنوور نەبەزێنێت بەلامەوە ئاساییە.

*** پێناســـەت بۆ ئەو هونەرەی ئێستا بە هونەری ئیغرا بەناوبانگە چییە ؟**

- باوەڕم بە یەك جۆرە هونەر هەیە، ئەوەی خەڵك بەو ناوەیە باســـی دەکەین یان بەشێکە لـــە هونەر ئەگەر وروژاندنی تێدا پێویســـت بیت، یان هونەر نییە وەك ئێســـتا هەندێك لە گۆرانیبێژەکانمان پێشکەشی دەکەن.

*** زۆر جار ڕێگا بە هەندێك لە هونەرمەند دەگیرێ کـــە بچنە نێو وڵاتەکەیان ئەمە چ واتایەك دەگەیەنێ؟**

- پێموایە ئەمە کارێکی کۆنەپەرســـتی و بێ مانایە، چونکە هەندێك جار سەندیکای هونەرمەنـــدان مەرجی ســـەخت دادەنێن بۆ هونەرمەندانی غەیرە میسری، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەشـــاندنەوەی زۆر گرێبەســـتی هونـــەری، پاساویشـــیان ئەوەیـــە هەندێك هونەرمەنـــد کاری وا پێشـــکەش دەکەن کە دوورە لە نەریت و ڕەوشتی وڵاتەکەیان.

*** ئـــەو کارانە چین کە شـــانازییان پێوە دەکەی؟**

- فیلمـــی (هـــي فوضـــى) یەکێکە لەو کارانـــەی کە بـــۆ من جیگای شـــانازییە، چونکە لەگەڵ سینەماکارێکی زۆر گەورەی وەك یوســـف شاهین ئاشنابووم،، هەروەها ئەم فیلمە بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر ناو دەرکەم و سەرکەوتنی من لەو فیلمە ڕێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی بەشـــداری لە فیلمی دیکەدا بکەم.

*** دەربارەی هونەر و ئەکتەرانی عێراقی چ زانیارییەکت هەیە ؟**

- وەك زانیـــاری ئـــاگادارم عێراق خاوەن هونەرمەنـــدی زۆر بەتوانایـــە بەتایبەتی لە بواری شانۆدا، بەڵام زانیاریەکانم وەك پێویست نین، ئەمەش ڕەنگە لەبەر بارودۆخی عێراق بێت، بـــەڵام هیوادارم بتوانـــم تێکەڵاویەکی زۆرترم لەگەڵ هونەرمەندانی عێراق هەبێت و لە نزیکەوە ئاگاداری هونەری عێراقی بم.

*** تا چەند ڕەخنە قبوڵ دەکەی؟**

-لە سەرەتای کاری هونەریمدا بە پێوەری جیـــا مامەڵـــەم لەگەڵ ڕەخنـــە و جەماوەر دەکـــرد، چونکە زۆر کەس پێیـــان وابوو بۆ سەرکەوتن پشت بە وروژاندن دەبەستم، دواتر جەماوەر بۆی دەرکەوت کە من خاوەن توانا و بەهرەیەکی هونەریم.

*** تـــا چەند لەگەڵ ئەوەی فیلم دیمەنی وروژێنەری تێدا بێت؟**

- وەك پێشـــتر گوتم نابێ وروژاندن لە ڕادەی خـــۆی زیاتر بێت، بەلام لە هەمان کاتدا پێویستە ئەوەی هونەرمەند پێشکەشی دەکات لە واقعیشەوە نزیك بێت.

*** لەگـــەڵ ڕاگەیاندن چۆن مامەڵە دەکەی؟**

-پەیوەندیـــم لەگـــەڵ ڕاگەیاندن زۆر ئاســـاییە، هەرچەنـــدە هەندێـــك لە ڕاگەیاندنـــەکان شـــتی وا بڵاودەکەنەوە دوورە لە ڕاستی و مەبەستی ســـەرەکییان لەو پروپاگەندانـــە توڕەکردنـــی هونەرمەندانە.

*** دەتـــەوێ لـــە ڕێـــگای سینەماوە چ پەیامێك پێشکەش بکەیت؟**

-پەیامـــی مـــن گەیاندنی ڕاســـتییە، بـــەڕای من ســـینەما ناتوانێت چارەسەری هەموو کێشەکان بخاتە ڕوو، بەڵام دەتوانێت زیاتر گرفتە ڕاستەقینەکان بخاتە بەرچاو.

*** چی دەڵێی بۆ ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمەکان؟**

- بەلای منـــەوە گرنگ نییە ڕۆڵی سەرەکیت هەبێت، گرنگ ئەوەیە ئەوەی پێشکەشـــت دەکرێ چۆن پێشکەشـــی بکەی و تێیدا سەرکەوتوو بی.

*** لە هونەرمەنـــدان کێن ئەوانەی زیاتر هاوڕێتن ؟**

- پەیوەندیـــم لەگەڵ هەموو ئەو هونەرمەندانە زۆر باشە کە کاریان لەگەڵ دەکەم.

***گـــوێ لـــە چ گۆرانیبێژێك دەگری؟**

- لە زۆربەی گۆرانیبێژەکان بەتایبەتی گۆرانییە هێمنەکان.

*** هونـــەر تـــا چەنـــد پێویســـتی بـــە قوربانیدانە؟**

- زەحمەتە ئافرەتـــی هونەرمەند بتوانێت کاری هونەری بکات بـــێ ئەوەی قوربانی بدات، ئەگەر بمـــەوێ ناوبانگ دەربکەم و سەرکەوتوو بم، دەبێ ئامادەیی ئەوەشم هەبێت کە کەســـانێك هەن حەز لە سەرکەوتنی من ناکەن و ئامادەن شـــتی ناڕاســـت دژی من بڵێن.



## ـــوربانیدان هەیە